**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ١٨١٦ لە ٢٠٢٦/٤/٦**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (١) لە ماددەی (١٧) لە سیستەمی داینگەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**تایبەت بە داینگەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

ئەم زاراوە و دەستە واژانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گستی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**شەشەم: داینگە:** دەزگایەکی تایبەتمەند لە لایەن وەزارەت مۆڵەتی پێدەدرێت بە مەبەستی حەوانەوە و خزمەتکردنی منداڵان.

**حەفتەم: بەشی دایەنگا:** بەشێکی تایبەتە بە کارو باری داینگەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتیەکان.

**هەشتەم: هۆبەی دایەنگە:** هۆبەیەکی تایبەتە بە کاروباری دایەنگەکان لە بەرێوەبەرایەتییەکان.

**نۆیەم: لیژنە:** لیژنەی دایەنگەکان کە بەپێی ماددەی (٣)ی ئەم رێنماییە پێکدەهینرێت.

**ماددەی (٢):** ڕێکارەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی کردنەوەی دایەنگە:

**یەکەم:** پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەشی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان هۆبەی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و ئەم پێداویستیانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت.

١- وێنەیەک لە کارتی نیشتمانی و کارت زانیاری ئەگەر داواکاری عێراقی بێت یان وێنەیەک لە پاسپۆرت ئەگەر داواکار بیانی بێت لەگەڵ (٣) سێ وێنەی کەسی ڕەنگاو ڕەنگ.

٢- بەڵگەنامەی بێ تاوانی.

٣- ڕەزامەندی سەرەتایی لایەنە تایبەتمەندەکان.

٤- وێنەیەک لە مۆڵەتی تەندروستی کە لایەنە فەرمی باوڕپێکراوەکان دەرچووبێت لەگەڵ کارتی تەندروستی بۆ هەموو کارمەندانی دایەنگە.

٥- بەڵێننامەی تایبەت بە پابەندبوون بە ڕێنمایی و سیستەمەکان دەرچوو لە وەزارەت تایبەت بەدایەنگاکان.

٦- گرێبەستی بە کرێگرتنی بینا ئەگەر کرێچی بوو یان تۆماری مۆڵکەکە ئەگەرموڵکی داواکار بێت.

**دووەم:** ڕاسپاردنی لیژنە بە بینینی شوێنی بیناکە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت بەو بابەتە و بەرزکردنەوەی بۆ بەشی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان هۆبەی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کە ئەم زانیارییانەی تێدا بێت:

١- زانیارییە سەرەتاییەکانی تایبەت بە دایەنگە وەک ناوەکەی و ناونیشانەکەی و ڕووبەرەکەی و ژمارەی ژوورەکان و هۆڵەکان و جۆر و ژمارەی دەستشۆرەکان و ئەگەری دەستشۆری دەرەکی هەبوو ڕووبەرەکەی و چێشتخانە.

٢- ژمارە ڕێگە پێدراوی منداڵانی وەرگیراو لەدایەنگە، بەرکەوتنیان لە ڕووبەرەکە بەم شێوەیە: (سەبارەت بەڕووبەری ناوەوە (٢م٢)مەتر دووجا بۆهەر منداڵێک، و بۆ ڕووبەری دەرەوەش (٢م٢) مەتر دووجا بێت بۆ هەر منداڵێک).

**ماددەی (٣):**

بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی یان بڕیاری بەڕێوەبەر لە ناوەندی ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەیەک یان زیاتر پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یا دەروونی، وە ئەندامێتی کارمەندێکی تەندروستی کارمەندێکی پەروەردەیی شارەزا لەبوارەکانی پەروەردەکردنی منداڵ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرن.

**یەکەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە بینا و کارمەندان و منداڵانی دایەنگەکە لەڕێگەی بەدواداچوونی مەیدانی هاوپێچ لەگەڵ پێشنیارەکان وبەرزکردنەوەیان بۆ بەش وهۆبەی داینگاکان.

**دووەم:** سەرپەرشتی کردنی دایەنگەکان لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندی کارەکانیان و پێشکەش کردەنی پێشنیاری تایبەت لەو بارەوە.

**ماددەی (٤):**

١- وەرگرتنی بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی لە بڕی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی دایەنگەی تایبەت (ناحکومی).

٢- وەرگرتنی بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی لە بڕی کردنەوەی دایەنگە لە دامودەزگا نیمچە حکومیەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکان.

٣- وەرگرتنی بڕی (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار عێراقی لە بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەتی داینگە (٢) دووساڵ جارێک.

**ماددەی (٥):** پێویستە ئەو شوێنەی دایەنگەی تێدا ئەکرێتەوە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

**یەکەم:** بیناکە لە شوێنێك بێت شوێنی نیشتەجێبوون بێت جگە لەو دایەنگانەی کۆمپانیاکان یان کارگە و کارخانەکان دەیکەنەوە بۆ خزمەت کردنی منداڵانی کارمەندەکانیان، و پێویستە دووربێت لە شوێنی قەرەباڵغ و پیس و ئەو کەرەستانەی کە ئاگر ئەگرن و هەر کەرەستەیەکی تر کە زیان بەتەندروستی گشتی منداڵ ئەگەیەنن وەک کێبڵەکانی کارەبای فشار بەرز و بەنزینخانەکان و هەروەها دووربێت لە بورجەکانی موبایل و ئەنتەرنێت.

**دووەم:** نابێت شوێنەکە بکەوێتە شوێنی قووڵ و نزم و مەترسی لافاو و داڕمانی لەسەر بێت.

**سێیەم:** ڕێگاکانی گەیشتن بە شوێنەکە سەلامەت و پارێزراو بن.

**ماددەی (٦):** مەرجەکانی پێویست لەو باڵاخانەی کە بڕیارە بکرێتە دایەنگە:

**یەکەم:** باڵاخانەکە دروست کرابێت لە کەرەستەی هەمیشەیی و مەرجە ژینگەیی و تەندروستییە گشتیەکانی تێدا ڕەچاوکرابێت.

**دووەم:** بەپێی جۆری دایەنگە:

١- ئەگەر داینگە لە نهۆمی سەرزەوی بێت پێویستە سەربەخۆ بێت و ڕێگای چوونە سەرشەقامی سەربەخۆی هەبێت و بەرزی و نزمییەکەی لە شەقام نابێت لە مەترێك زیاتر بێت و پارێزراو بێت، ئەمەش ئەوشوێنانە ناگرێتەوە کە لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکان و ئەو پڕۆژانەی کە بەمەبەستی خزمەت کردنی منداڵەکانیان دایەنگایان کردووەتەوە بەمەرجێك هەموو مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی پاراستنی منداڵی تێدا بێت.

٢- ئەگەر دایەنگەکە لە ئاپارتمانەکان بێت پێویستە:

أ- لە نهۆمی سەرزەوی بێت و سەربەخۆ بێت.

ب- هەموو مەرجەکانی سەلامەتی وتەندروستی و پاراستنی منداڵی تێدا بێت.

٣- ئەگەر داینگەکە لە بینا بازرگانییەکان و لە شوققەکان بێت پێویستە:

أ- داینگەکە لە نهۆمی یەکەمی بیناکە بێت.

ب- پێویستە قادرمە و شوێنی هاتووچۆی سەربەخۆی هەبێت.

ت- قادرمەی تایبەت بە باری لە ناکاوی هەبێت.

ث- مەرجەکانی دایەنگەکانی تر لە ڕووی سەلامەتی و تەندروستی و پاراستنی منداڵی تێدا بێت.

ج- باخچەی دەستکرد و شوێنی یاریکردنی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتییەوە گونجاو بێت.

**سێیەم:** چەند ژوورێکی ڕاخراو هەبێت و هەموو کەلوپەلە پێویستەکانیان تێدا بێت کە لەگەڵ بەرزی و ژمارەی منداڵەکان گونجاو بن و تەندروست بن، و نابێت ڕووبەری هەر ژوورێک لە (٣م٢) سێ مەتر دووجا کەمتر بێت و یەکێك لە ژوورەکان تایبەت بکرێت بە منداڵانی شیرەخۆر.

**چوارەم:** هۆڵێکی تایبەت بە چالاکی منداڵان هەبێت و گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەیان بەجۆرێك ڕووبەری پێویست بۆ هەر منداڵێك کەمتر نەبێت لە (٢م٢) دوو مەتر دووجای چوارگۆشە.

**پێنجەم:** دەستشۆر و ئاودەستی گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵدا هەبێت لە ڕووی بەرزی و پانی و فراوانییەوە بە جۆرێك بۆ هەر (١٥) پانزدە منداڵ دەستشۆر و ئاودەستێک هەبێت.

**شەشەم:** چێشخانەیەکی سەردەمیانە و گونجاو و سەربەخۆ لە ژووری نانخواردنی هەبێت و ڕاخەراو بێت بەو ئامێرو کەرەستانەی پێویستن بۆ پاراستن و ساردکردنەوەی خواردن و ئامێری (تعقیم) کردن و شوێن و ئامێری هەوا گۆڕکێی باشی هەبێت و بۆ ئامادەکردن و گەرمکردنەوەی خواردن کەلوپەلی تەندروست بەکاربهێنرێت وەك قابلەمە و کەوگیر و تەواوی پێداویستییە تەندروستیەکانی تر، و نابێت ئەو کەلوپەلە پلاستیکیانە بەکار بهێنرێن کە زیانی هەبێت بۆ تەندروستی منداڵان.

**حەفتەم:** کەلوپەل و ئامێرەکانی تایبەت بە بەرگری شارستانی وەک ئـاگرکوژێنەوە و ئامێرەکـانی تـر لە بیناکەدا هەبن و بەپێی پێویستی دابەشکرابن لەبەشـەجیاوازەکانی دایەنـگەکەدا وەک چێشـخانە و هۆڵ و ... تاکوو بە ئاسانی دەست بگات پێیان و بەکاربهێنرێن.

**هەشتەم:** ژوورێك تایبەت بکرێـت بە کـارگێڕی دۆڵاب و کەلـوپەلی گونجـاو و پێویسـتی تێـدا بێـت بـۆ هەڵگرتنــی دۆسـیەکان و هەمــوو ئەو بەراییــانەی تــایبەتن بە مــۆڵەتی دایەنــگەکە و گرێبەســتی کارمەنــدان و گشــتاندنەکان و (تــابلۆی ئاگادارییەکــان) کە هەمــوو ئەو ژمــارانەی پێویســتن وەك (پۆلیس، بەرگری شارستانی، نزیکترین بنکەی تەندروستی و.....) لەسەری هەڵواسرابێت.

**ماددەی (٧):** پێویستە دایەنگەکان مەرجەگشتیەکانی سەلامەتییان تێدا بێت وەك:

**یەکەم:** تایبەت بە ئاوی خواردنەوە:

١- هەڵگرتن و پاراستنی ئاو لە کۆگای تەندروست و داخراودا بێت بەمەرجی ئاسـان دەسـت گەیشـتن پێی و بەجۆریک هەر (٦) شەش مانگ جارێك خاوێن بکرێنەوە و دووربن لەسەرچاوەکانی پیسی.

٢- ئەو ئاوەی بەکاردرێت بۆ خواردنەوە و خواردن دروستکردن پاك و تەندروست بێت، باشتر فلتەری ئاوپاڵاوتن بەکاربێت بۆ پاڵاوتنی.

**دووەم:** تایبەت بە کارەبا:

١- پاراسـتنی سـەرچاوەکانی کارەبـا لە نـاو بـۆردی پـارێزراو و بەهێـز و کاربکرێـت بە ڕێنماییەکـانی خۆپارێزی و پابەندبوون پێیانەوە.

٢- داپۆشینی کێبڵەکانی کارەبا بە ڕووپۆشی تایبەت و پێویسـتە بەرزبـن بەجۆرێـك منـداڵ دەسـتیان پێنەگات.

**سێیەم:** دابینکردنی بۆردی تایبەت بەفریاگوزاییە سەرەتاییە پزیشـکییەکان کە تێیـدا لـۆکەی معقـیم و شاش و پلاستەری پزیشکی و گەرمی پێو و گیراوەی خاوێنکردنەوەو ..... تێدا بێت.

**چوارەم:** چاککردنەوەی یارییەکان بەشێوەی وەرزی و دڵنیابوونەوە لە سـەلامەتی و گونجـاوی و پـاك و خاوێنیان.

**پێنجەم:** هەڵگرتن و پاراستنی بوتڵەکانی غاز لە شوێنی پارێزراو دوور لە سەرچاوەی ئـاگر و پشـکنینی بۆری و سۆندە و شێرەکانیان بۆ دڵنیابوون لەغاز لێنەچوون لێیان هەروەها دابین کردنی ئامێرەکانی تایبەت بە ئاگر کوژێنەوە لە بیناکە و دڵنیابوونەوە لێیان بە شێوەی وەزری.

**شەشەم:** ڕێگای دەرچوونی لەناکاو هەبێت و گرەنتی سـەلامەتی و دەرکـردن و ڕزگـاکردنی منـداڵەکانی تێدا ڕەچاوکرابێت لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی لەناکاو.

**حەفتەم:** چاودێری تایبەت و بەکوالێتی بەرز هەبێت لەناوەوە و دەرەوەی داینگەکە و پەیوەست بکرێن بە موبایلی دایك و باوکی منداڵان و بەڕێوەبەرانی داینگە.

**هەشتەم:** دەرگای تایبەت بۆ قادرمەی دابنرێت و پەرژینەکـانی ڕووپـۆش کـرابن بە مـاددەیەکی نەرمـی تایبەت تاکوو منداڵ نەتوانێت بەسەری یان لە نێوانیاندا هاتوو چۆ بکات.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** پێویستە خاوەنی داینگە گرێبەست لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕ بە (منداڵان یان پزیشکی گشتی) دا بکات کە سەرپەرشتی لایەنی تەندروستی منداڵەکان بکات و ئەنجامی پشکنینەکان لە تۆماری پزیشکی تایبەت بە هەر منداڵێک لە دۆسیەکەیدا هەڵگیرێت.

**دووەم:** پزیشک بە شێوەی وەرزی یان هەرکاتێک پێویست بوو سەردانی دایەنگا دەکات بۆ ئەنجامدانی پشکنینی منداڵەکان.

**ماددەی (٩):** بۆ کارگێڕی داینگە و کارمەندەکانی ڕێگە پێدراو نییە:

**یەکەم:** وەرگرتنی منداڵانی سەروو (٤) چوارساڵی.

**دووەم:** سزادانی منداڵ لەڕووی جەستەیی و دەروونی هەتا هەژاندن و ئازار دانیشی بەشێوەی زارەکی

**سێیەم:** ناچارکردنی منداڵ بەئەنجامدانی کارێک جگە لەو کارانەی کە ئەنجامدانیان پێویستە لە پێناو بەرژەوەندی منداڵ.

**چوارەم:** ڕێگری کردن لە منداڵ لە گەیشتن بە ئارەزووە باشەکانی یان دواخستنیان.

**پێنجەم:** سەیرکردنی تیڤی لە کاتی دەوامی فەرمی.

**ماددەی (١٠):**

تۆمار و دۆسیەی تایبەت بە منداڵان و کارمەندەکانیان هەبێت و هەڵگیرابن و ئەم زانیاری و پێداویستیانەی خوارەوەیان تێدابێت:

**یەکەم:** تۆمارەکان:

١- تۆماری هاتوو و دەرچوو.

٢- تۆماری هاتنی منداڵ و کارمەندەکان.

٣- تۆماری سەردانیکاران.

٤- تۆماری پزیشکی تایبەت بە بارودۆخی تەندروستی منداڵ و کارمەندەکان.

**دووەم:** دۆسیەکان:

١- **دۆسیەی تایبەت بەکارمەندان:** تێیدا بڕوانامەکانیان کارتی تەندروستی، گرێبەستی کارکردنیان، وێنەی کەسی و تەواوی بەڵگەنامە و پێداویستیەکانی تایبەت بە کارمەندەکانی تێدابێت و هەڵدەگیرێن.

٢- **دۆسیەی تایبەت بە منداڵان:** تێیدا کارتی تەندروستی ڕێکخراو لەلایەن لایەنی پزیشکی متمانەپێکراو، وێنەی کەسی منداڵ بڕوانامەی لە دایکبوون و تەواوی بەڵگەنامە و پێداویستیەکانی تایبەت بە منداڵەکەی تێدا هەڵدەگیرێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** بەکارهێنانی ئامێری زیرەک لەلایەن منداڵان و کارمەندانەوە لە کاتی دەوامی فەرمیدا قەدەغەیە.

**دووەم:** گرنگیدان بەزمانی کوردی و زمانی دایک لە پێشینەیە.

**سێیەم:** بەکارهێنانی تیڤی و سمارت بۆرد لەلایەن دادەکانەوە بەمەبەستی پەروەردەیی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە زیاتر نەبێت لە (٣٠) خولەک.

**ماددەی (١٢):**

لەسەردواینگە پێویستە (٦) شەش مانگ جارێک ڕاپۆرت پێشکەشی بەشی داینگاکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هۆبەی داینگەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان بکەن لەسەر:

**یەکەم:** چالاکی و کارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان کە پێویستن بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی تەندروستی منداڵان.

**دووەم:** لیستی ناوی کارمەندانی داینگەکە و بڕوانامە و پسپۆڕییەکانیان و کارتی تەندروستییان.

**سێیەم:** لیستی ناوی منداڵان و ژمارەکانیان و تەمەنیان و ڕێکەوتی وەرگیرانیان لە داینگەکە.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** بەشی داینگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هۆبەی داینگەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان تایبەتمەندە بە:

١- وەرگرتنی داواکارییەکان بۆ کردنەوەی داینگە و ووردبینی کردنیان و دڵنیابوون لە نەبوونی کەم وکوڕی و بەرزکردنەوەی پێشنیار سەبارەت بۆ پێدانی مۆڵەت.

٢- وەرگرتنی سکاڵا دژ بەداینگەکان و لێکۆڵینەوە لە بارەیان بەشێوەیەکی یاسایی و کارگێڕی و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنیان.

**ماددەی (١٤):**

ڕێگە پێدراو نییە بردنە دەرەوەی منداڵانی داینگە بەمەبەستی چالاکی و گەشت.

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** دیاریکردنی نرخی وەرگرتن و خزمەتەکانی داینگە حکومییەکان بەشێوەی هاتوو لە خوارەوە:

١- بۆ منداڵی یەکەم (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دیناری عێراقی بۆ مانگێک.

٢- بۆ مندالی دووەم (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار دیناری عێراقی بۆ مانگێک.

٣- بۆمنداڵی سێیەم و زیاتر (١٥،٠٠٠) پانزە هەزار دیناری عێراقی بۆ مانگێک.

**دووەم:** نرخی وەرگرتنی منداڵ و خزمەت کردنیان لە داینگە ناحکومییەکان (تایبەت) لەلایەن دایەنگەوە دیاری دەکرێت و دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان پەسەند دەکرێت لەسەر پێشنیاری لیژنەی داینگەکان لەسەر بنەمای جۆری بیناکە و چۆنیەتی کارمەندەکانی و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی منداڵانی دەکات بەمەرجێک گونجاو بێت لەگەڵ خزمەتگوزارییەکان و نابێت بارگرانی دروست بکات لەسەر کەسوکاری منداڵەکان.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** پێویستە دەرگای داینگەکان بەڕووی منداڵان کراوە بێت لە کاتژمێرەکانی (٧:٣٠)ی بەیانی و مانەوەی بەشێک لە کارمەندانی تا ڕادەست کردنی گشت منداڵەکان بە کەس و کاریان یان پاس و سەیارەکانی گواستنەوەیان.

**دووەم:** داینگە ئەهلییەکان ئەتوانن ماوەی دەوامی داینگەکەیان درێژبکەنەوە بەپێی پێویستی و بۆ بەرژەوەندی منداڵان بە مەرجێک کاتی دەوام پێش هاتنی شەو تەواو بێت، ئەوەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**سێیەم:** نرخـی کـاتژمێرە زیادەکـان لەلایەن داینگەکـانەوە دیـاری دەکرێـت بەمەرجێـک لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی یـان بەڕێـوەبەرایەتی پەسـەند بکرێـت بەپێـی ئەو پێـوەرانەی بۆیـان دیاریکراوە لەم ڕێنماییەدا.

**ماددەی (١٧):**

لە کـاتی پێشـێلکردنی حوکمەکـانی هـاتوو لە سیسـتەمی خانەکـانی دایـنگە ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠١٣ وەیان ڕێنماییەکانی تایبەت بە داینگەکان لەلایەن دایەنگا ئەهلییەکانەوە، ئەم ڕێکـارانە بەرامبەریـان پیادە دەکرێ:

**یەکەم:** ئاگادارکردنەوەی داینگەکە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات.

**دووەم:** دوای تەواوبـوونی مـاوەی هـاتوو لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە و بەردەوامبـوونی دایـنگە لەسەر سەرپێچییەکانی بەنووسراوی فەرمی بەڕێـوەبەری دایـنگەکە بانگهێشـتی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی یـان بەڕێـوەبەرایەتی بکرێـت و هۆشـداری کۆتـایی ئاراسـتە بکرێـت و بە گـوێرەی جـۆر وقەبارەی سەرپێچییەکەی ماوەی کۆتایی پێ بدرێت.

**سێیەم:** ئەگەر دایـنگە بەردەوامبـوو لە سـەرپێچییەکانی و دوای تەواوبـوونی مـاوەی مـۆڵەت پێـدراو لەبـــڕگەی دووەم، بەبڕیـــاری وەزیـــر یـــان لایەنـــی دەســـەڵات پێـــدراو لەلایەن وەزیـــرەوە، مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ماوەی (١)یەک مانگ دیاری دەکرێت بۆ گواستنەوەی منداڵەکان بۆ داینگەیەکی تر.

**چوارەم:** دوای هەڵوەشـانەوەی مـۆڵەتەکە، خـاوەنی دایـنگە بـۆی نیـیە داواکـاری کـردنەوەی دایـنگە پێشکەش بکات تا تێپەڕبوونی (٢) دوو ساڵ بەسەر ڕێکەوتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکە.

**پێنجەم:** ئەگەر هەڵوەشانەوەی مۆڵەت بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی بێت دژی منـداڵان ئەوا خـاوەن داینگە بۆی نییە جارێکی تر داوای مۆڵەتی کردنەوەی داینگە پێشکەش بکات.

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم:** لەکاتی گواستنەوەی خاوەندارێتی داینگەی ئەهلی پێویستە مۆڵەتی دایەنگاکە بەهەمان مەرج و ڕێکارەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە نوێ بکرێتەوە.

**دووەم:** بۆ گۆڕینی نـاوی دایـنگە پێویسـتە خـاوەنەکەی داواکـاری پێشـکەش بکـات کە تیایـدا هۆکـاری گۆڕینی ناوەکە دیاری بکرێت و ناوەکەش کوردی بێـت و پەیوەندیـدار بێـت بە جیهـانی منـداڵانەوە لەو ناوچانەی کە پێکهاتەی زۆرینەیان کورد نین دەکرێت ناو و زمانی فەرمی ئەوان بەکاربێت.

**سێیەم:** بـۆ گواسـتنەوەی دایەنـگە لەو بینـایەی تێیـدایە بـۆ بینـایەکی تـر پێویسـتە ڕەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی یـان بەڕێـوەبەرایەتی وەربگیرێـت بـۆ ئەمەش ڕەچـاوی باشـترین بینـا بـۆ داینگەکە دەکرێت.

**ماددەی (١٩):** دابەشکردنی داهاتی داینگە حکومیەکان بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ڕێژەی (٤٠%)ی خەرج دەکرێت بۆ کڕینی پێداویستیەکانی داینگە.

**دووەم:** ڕێژەی (٤٠%)ی خەرج دەکرێت بۆ هاندانی کارمەندانی داینگە بەم جۆرەی خوارەوە:

١- فەرمانبەرانی هەمیشەیی و گرێبەست و خۆبەخش دەگرێتەوە.

٢- بەرپرسی داینگە، توێژەر دایەن، مامۆستا، کارگوزار، باخەوان، چێشتلێنەر، سەرپەرشتیاری خوراک، پەرستار، شوفێر، پاسەوان دەگرێتەوە.

٣- بڕی پارەکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی بەرپرس و دوو کارمەندی داینگە دیاری دەکرێت و لیژنەکە ساڵانە دەگۆڕدرێت.

٤- دابەش کردنی هاندانەکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەڕەچاوکردنی پابەندی کارمەندەکان بەئەرک و بەرپرسیارێتیەکان دەبێت بەمەرجێک جیاوازییەکی زۆر نەبێت لە نێوان بڕی هاندانەکانیان.

**سێیەم:** ڕێژەی (٢٠%)ی دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی حکومەت.

**ماددەی (٢٠):**

حوکمەکانی هاتوو لە هەردوو یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بەسەر کارمەندانی داینگە تایبەتەکاندا (ئەهلی) جێبەجێ دەکرێن وەک:

**یەکەم:** دەستەبەرکردنی گشت کارمەندەکانیان.

**دووەم:** ماوەی کارکردنی کارمەندەکان بە گوێرەی یاسای کار دەبێت لە گەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٥)ی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** کەمترین کرێی کارکردنی کارمەندانی دایەنگە لە کرێی کەمترین کرێی کارکردنی کرێکاری ناکارامە کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم:** وەزارەت ساڵانە پلانی پێویست دادەنێت بەمەبەستی کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ستافی دایەنگە تازە مۆڵەت پێدراوەکان هەروەها ئەوانەشی پێشتر مۆڵەتیان وەرگرتووە لەمەشدا گرنگی زیاتر دەدرێت بەبواری پەروەردە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و فریاگوزاری سەرەتایی و کارەکارگێڕییەکان.

**دووەم:** دایەنگەکان ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانیان دەکەن ئەمەش لە ڕێگەی فۆرمێکەوەیە کە لەلایەن دایکان و باوکانی منداڵانەوە پڕ دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢٢):**

دوای بڵاو کردنەوەی ئەم ڕێنماییە ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە کاریان پێ ناکرێت:

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥، ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ ، ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٣.

**ماددەی ٢٣:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**